**تۆڕی چاودێری نەخۆشی Merlin.net™**

**سیاسەتی پاراستنی نهێنی**

**بەرواری کاریگەری: کانوونی دووەمی 2024**

**ئەم سیاسەتەی پاراستنی نهێنی جێ بەجێ دەبێت لەسەر تۆڕی چاودێری نەخۆشی Merlin.net™ ("Merlin.net")، لەگەڵ بەکارهێنانی ماڵپەڕی Merlin.net.**

**ئەگەر تۆ پزیشکیت، تکایە سەردانی + سیاسەتی نهێنی بەکارهێنەری تۆڕی چاودێری نەخۆشی Merlin.net™ بکە بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکانت لە ناو تۆڕی چاودێری نەخۆشی Merlin.net™. سەرەڕای ئەوەش، تکایە پێداچوونەوە بەو +زانیاریانە بکە کە کلینیکەکان دەبێ پێشکەشی نەخۆشەکان بکەن سەبارەت بە تۆڕی چاودێری نەخۆشی Merlin.net™ بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییە کەسییەکانی نەخۆشەکان لە ناو تۆڕی چاودێری نەخۆشی Merlin.net™.**

**+ سیاسەتی پاراستنی نهێنی بۆ بەکارهێنەرانی تۆڕی چاودێری نەخۆشی Merlin.net™**

## دەربارەی ئێمە

لەم سیاسەتەی پاراستنی نهێنیدا، **"Abbott"** ئاماژەیە بۆ لایەنی هاوبەشی ناوخۆیی ئابۆتکە پشتگیری لە شوێنی سەرەکی کلینیکەکەت و بەکارهێنەرانی پەیوەندیدار دەکات. تکایە سەردانی +**لایەنە ناوخۆییەکانی ئابۆت** بکە (https://www.cardiovascular.abbott/int/en/hcp/products/cardiac-rhythm-management/affiliates.html) بۆ دۆزینەوەی لقەکانی ئابۆت کە لە هەر وڵاتێکدا کە Merlin.net تێیدا کاردەکات.

لەم سیاسەتەی پاراستنی نهێنیدا، **"تاقیگەکانی ئابۆت"** ئاماژەیە بۆ تاقیگەی ئابۆت، کە زانیارییەکانی هاتووە لە +**پەیوەندی بکە بە ئابۆت**

Merlin.net لەلایەن کۆمپانیای ئابۆتەوە دابیندەکرێت. ئابۆت گرنگی پاراستنی زانیاری و پاراستنی نهێنی دەزانێت و پابەندە بە پاراستنی زانیارییە کەسییەکان کە دەگوازرێنەوە بۆ Merlin.net و لێی هەڵدەگیرێن. مەبەستی ئەم سیاسەتی نهێنی پاراستنە دابینکردنی زانیارییە لەبارەی پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکانیان لە بەکارهێنانی ماڵپەڕی Merlin.net بە پزیشکانی چاودێری تەندروستی و بەکارهێنەرانی ڕێگەپێدراوی دیکەی ماڵپەڕی Merlin.net (**"بەکارهێنەران"**). لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئابۆت لەبری ئەوکلینیکەی کە پەیوەندی بە بەکارهێنەرەوە هەیە، مامەڵە لەگەڵ زانیارییە کەسییەکان دەکات. لە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی دادوەریدا، ئەم ڕێکخستنە بە ئابۆت ناسراوە کە وەک "پرۆسێسەر" بۆ کلینیکی پەیوەندیدار بە بەکارهێنەر کاردەکات. هەروەها ئابۆت زانیارییە کەسییەکان بۆ مەبەستی جیاوازی خۆی بەڕێوەدەبات، وەک لە بەشی بەناونیشانی **+بەکارهێنانی تایبەتی زانیاری کەسی بەکارهێنەران لەلایەن ئابۆتەوە باسکراوە (ئابۆت وەک "کۆنترۆڵکەر" کاردەکات).**

کلینیکەکە کە بەکارهێنەراندەتوانن بچنە ناو Merlin.net، بەرپرسیارە لەزانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەران لە بارەی بەکارهێنانی Merlin.net. کلینیکەکە وەک کۆنترۆڵکەرێکی سەربەخۆ جیاواز لە ئابۆت کاردەکات. سەرەتا ئامۆژگاری بەکارهێنەران دەکرێت کە پەیوەندی بە کلینیکەکەیانەوە بکەن بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییە کەسییەکانیان لە ماڵپەڕی Merlin.net دا. کلینیکەکە گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای ئابۆت کردووە بۆ دابینکردنی ماڵپەڕی Merlin.net بۆ بەکارهێنەران.

لەم سیاسەتەی پاراستنی نهێنیدا، زاراوەی "کۆنترۆڵکەر" و "پرۆسێسەر" بەکارهێنراون وەک لە یاساکانی پاراستنی زانیارییەکانی ناوچەی ئابووری ئەوروپا وشانشینی یەکگرتوو و سویسرادا پێناسە کراوە. ئەگەر ئەو زاراوانە بە ئاشکرا لە یاساکانی پاراستنی نهێنی یان پاراستنی زانیارییەکانی ئەو وڵاتە پێناسە نەکرابن کە بەکارهێنەر وەک شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەکی تێیدا دەژیت، ئەوا بە مانای هاوتای زاراوە هاوشێوەکان بەپێی ئەو یاسایانە لێکدەدرێنەوە.

**+پاشخان بۆ Merlin.net**

Merlin.net وەک سیستەمێکی چاودێری لە دوورەوە کاردەکات کە بە تایبەتی بۆ یارمەتیدانی پزیشکانی چاودێری تەندروستی بۆ سەرپەرشتیکردن و چارەسەرکردنی لایەنە جیاوازەکانی باشبوونی نەخۆشەکانیان، بە تایبەتی ئەوانەی کە ئامێرێکی دڵی چێنراویان وەرگرتووە کە لەلایەن تاقیگەی ئابۆتەوە دیزاین کراوە. ئەم ئامێرانە لەوانەیە بریتی بن لە ئامێری پەیسمەیکەر، ئامێری وەستانی دڵی چێنراو (ICDs)، چاودێری دڵی جێگیرکراو (ICMs)، یان چاودێری پەستانی خوێنبەرەکان وەک سیستەمی CardioMEMS™ HF. Merlin.net ئاسانکاری دەکات بۆ گواستنەوەی بەشێوەی خێرا و ئۆتۆماتیکی ئەو زانیاریانەی کە لە ئامێری پزیشکی چێنراوی هەر نەخۆشێکەوە کۆکراونەتەوە بۆ بنکەیەکی زانیاری پارێزراو. ئەم بنکەی زانیاریە بۆ بەکارهێنەرانی ڕێگەپێدراو بەردەستە، کە بەشێکن لە تیمی پزیشکی نەخۆشەکە، ڕێگەیان پێدەدات بە شێوەیەکی کارا پێداچوونەوە و شیکاری ئەو زانیاریانەی کە نێردراوە بکەن. بەکارهێنانی Merlin.net توانای هەڵسەنگاندنی دۆخی ئامێر و باری تەندروستی نەخۆشێک دەدات بە بەکارهێنەران لە دوورەوە، ئەمەش پێویستی بە سەردانیکردنی فیزیکی نەخۆش بۆ کلینیکەکە نامێنێت، مەگەر دابینکەری چاودێری تەندروستی بە پێویستی بزانێت وەک بەشێک لە پلانی چارەسەرکردنیان.

## +کوکی و تەکنەلۆژیای هاوشێوە لە ماڵپەڕی Merlin.net (تاقیگەکانی ئابۆت وەک "کۆنتڕۆڵکەر")

تاقیگەکانی ئابۆت کووکی لەMerlin.net بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی زانیاری تەکنیکی لە بەکارهێنەران کۆبکاتەوە. کووکی ئەو فایلە دەقییەکانەن کە داتایەکی کەمیان تێدایە و لە کاتی سەردانی ماڵپەڕێکدا بۆ ئامێری بەکارهێنەران دادەبەزێنرێن. کاتێک ماڵپەڕەکە دووبارە سەردانی دەکرێتەوە، وێبگەڕەکانی بەکارهێنەران، وەک مایکرۆسۆفت ئێدج یان کرۆم، هەندێک یان هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم فایلە دەقیانەدا هەڵگیراون دەگوازنەوە بۆ ماڵپەڕی داواکار. ئەم میکانیزمە دەهێڵێت ئابۆت هەر بەکارهێنەرێکی بە تاک بناسێتەوە. سێرڤەرەکان لەتوانایاندا هەیە ئەو کووکیانە بخوێننەوە کە ناردووینی بۆ وێبگەڕی بەکارهێنەران لە سەرەتادا. ماڵپەڕی Merlin.net لە هەندێک یاخود هەموو وێبگەڕەکاندا سەردێڕەکانی Do Not Track (DNT) یان میکانیزمی تری هاوشێوەی ناناسنەوە.

کووکی و تەکنەلۆژیای هاوشێوەی بەکارهێنراو لە Merlin.netدەهێڵن تاقیگەکانی ئابۆت ئەم وردەکارییە تەکنیکییانە کۆبکەنەوە: لەوانەش، ناوی دۆمەین، بەروار و کاتی سەردانی ماڵپەڕی بەکارهێنەر، ناونیشانی وێب کە بەکارهێنەر لێیەوە گەیشتوەتە ماڵپەڕەکە، ژمارەی سەردانکەران، لاپەڕەکانی بینراو و درێژی... سەردانی جۆری وێبگەڕ و سیستەمی کارپێکردن و ناونیشانی IP بکە. ناونیشانی ئایپی (IP) بریتییە لە ژمارەیەک کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆ ئامێری بەکارهێنەران دیاری دەکرێت لە کاتی پەیوەندی کردنی ئەو بەکارهێنەرانە بە ئینتەرنێتەوە.

تاقیگەکانی ئابۆت زانیارییە کەسییەکان بەکاردەهێنێت کە لە ڕێگەی کووکی و تەکنەلۆژیای هاوشێوەی Merlin.net بەدەستیان هێناوە بۆ گەیشتن بەم مەبەستانەی لایخوارەوە:

- **سەلماندن (ڕەسەنایەتی) و ئاسایش:** تاقیگەکانی ئابۆت هەندێک لەو کووکیانە بەکاردەهێنن بۆ ئاسانکاری ناسینەوەی بەکارهێنەر، ڕێگە بە دەستگەیشتنێکی بێ کێشە دەدات بە خزمەتگوزارییەکانی Merlin.net و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی لە کاتی چوونە ژوورەوە. سەرەڕای ئەوەش، ئەم کووکیانە یارمەتی تاقیگەکانی ئابۆت دەدەن تاکو بەسەرچوونی وشەی نهێنی بەکارهێنەران بەڕێوەببەن.
- **کارایی و چالاکی ماڵپەڕی Merlin.net:** تاقیگەکانی ئابۆت پشت بە کووکی و هەندێک ئامێری هەڵگرتنی ناوخۆیی دەبەستێت بۆ بەڕێوەبردنی کاتی دانیشتنەکانی بەکارهێنەر، دڵنیابوون لە دەستگەیشتنێکی بێ پچڕان بۆ ماڵپەڕ و خزمەتگوزارییەکانی Merlin.net. ئەم ئامرازانە یارمەتیدەرن لە گەشتکردن بە ماڵپەڕەکان، ئاسانکاری بۆ بارکردنی خێرای لاپەڕەکان و پاراستنی کارایی گشتی.

تاقیگەکانی ئابۆت دەتوانن ئەم زانیارییە ئۆتۆماتیکییە بەدەست هێنراوانە لەگەڵ زانیارییەکانی تری بەکارهێنەرکۆبکەنەوە کە پارێزگاری لێدەکات، بە مەرجێک بەکارهێنەران ڕەزامەندی دەربڕن، وەک لە یاسادا هاتووە.

بەکارهێنەران چەند ڕێگەیەکیان لەبەردەستدایە بۆ کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی کووکیەکان. تکایە لەبیرت بێت کە گۆڕینی ڕێکخستنەکان نەک تەنها کاریگەری لەسەر کووکی لە ماڵپەڕی Merlin.net دەبێت، بەڵکو ڕەنگە کاریگەری لەسەر کووکی لە سەرانسەری هەموو ئەو ماڵپەڕانەی کە سەردانیان دەکرێن، (مەگەر کووکیەکانی هەندێک ماڵپەڕی تایبەت بلۆک کرابێت لەلایەن بەکارهێنەر). بۆ زانینی زانیاری زیاتر سەبارەت بە کووکی، تکایە سەردانی https://www.allaboutcookies.org بکە.

## +ئابۆت مامەڵە لەگەڵ زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەران دەکات لەکاتی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ کلینیکەکان (ئابۆت وەک "پرۆسێسەر"ێک)

دوای ئەوەی کلینیکەکە گرێبەستی نووسراوی جیاواز لەگەڵ ئابۆت دەکات بۆ بەکارهێنانی Merlin.net، ئابۆت هەژمار بۆ کلینیکەکە دابین دەکات. دواتر کارگێڕی هەژماری کلینیکەکە هەژماری بەکارهێنەری تاکەکەسی بۆ بەکارهێنەران دروست دەکات.

بۆ دروستکردنی هەژماری بەکارهێنەری Merlin.net بۆ بەکارهێنەران، کارگێڕی کلینیکێک ناوی بەکارهێنەر، ناونیشانی ئیمەیڵ، ژمارەی تەلەفۆن، ناوی کلینیک و ناونیشانەکەی داخڵ دەکات لە Merlin.net.  دوای ڕێکخستنی هەژماری Merlin.net، بەکارهێنەر دەتوانێت هەڵبژاردەکانی هەژمارەکەی بەپێی خواستی خۆی دابنێت، لەوانەش ڕێکخستنی تایبەتمەندیەکانی DirectAlert®. ئابۆت وەک پرۆسێسەرێک لەبری کلینیکێک کاردەکات، زانیاری کەسی بەکارهێنەران وەک ناو، ناونیشانی ئیمەیڵ، ژمارەی تەلەفۆن، ناوی کلینیک و ناونیشان کۆدەکاتەوە بۆئەوەی پرۆسێسیان بکات و هەڵیانبگرێت. ئەمەش ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات بچنە ناو ماڵپەڕی Merlin.net.

بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەپێی گرێبەستی نووسراو، ئابۆت پشتگیری تەکنیکی و کڕیار بۆ خزمەتگوزارییەکانی Merlin.net دابین دەکات کە لەلایەن کلینیک و بەکارهێنەرانییەوە بەکاردەهێنرێن. بەم کارە، ڕەنگە ئابۆت زانیاری کەسی بەکارهێنەران پرۆسێس بکات بۆ ئاسانکاری ئەم پشتگیرییە. وەك بەشێك لە پێشکەشکردنی پشتگیریدا، ڕەنگە ئابۆت دەستی بگات بەو زانیاریانەی کە لە Merlin.net هەڵگیراون سەبارەت بە بەکارهێنەران و/یان وردەکارییەکان سەبارەت بە بەکارهێنەرێک کۆبکاتەوە کە کێشەیەکی تەکنیکی ڕاپۆرت کردووە بۆ بەدواداچوونی داواکاری پشتگیری. ئابۆت لەبری کلینیکەکە زانیاری کەسی پرۆسێس دەکات بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەکنیکی و پشتگیری کڕیار وەک لە گرێبەستی نێوان کلینیکەکە و ئابۆتدا هاتووە. بۆ زانیاری ورد لەبارەی پرۆسێسەر و پرۆسێسەرە لاوەکیانەی کە بۆ ئاسانکاری و پێشکەشکردنی Merlin.net بەکاردەهێنرێن، تکایە ئاماژە بە ڕێککەوتنی پرۆسێسی داتاکانی Merlin.net بکە.

**+بەکارهێنانی زانیاریەکانی کەسانی بەکارهێنەر لەلایەن ئابۆت (Abbott وەک "کۆنترۆڵکەر"ێک)**

ئابۆت و تاقیگەکانی ئابۆت مامەڵە لەگەڵ زانیارییە کەسییەکانی پەیوەست بە بەکارهێنەران دەکەن کاتێک ئەو بەکارهێنەرانە پەیوەندی دەکەن بۆ راپۆرتکردنی رووداوی نەرێنی یان تۆمارکردنی سکاڵا دەربارەی Merlin.net یان ئامێرێکی دڵی چێنراو. ئابۆت و تاقیگەکانی ئابۆت ئەم زانیاریانە تۆمار دەکەن چونکە بە شێوەیەکی یاسایی پێویستە پابەندبن بە رێساکانی ئامێرە پزیشکییەکان. پۆلە تایبەتەکانی زانیارییە کەسییەکان کە لەلایەن ئابۆت و تاقیگەکانی ئابۆتەوە بۆ ئەم مەبەستە کۆدەکرێنەوە، رەنگە بەپێی وڵات جیاواز بن، بەڵام لە هەموو کاتدا، بەکارهێنەر دابینی دەکات وەک بەشێک لە راپۆرتەکەی.

بەم شێوانەی لایخوارەوە ئابۆت زانیاری کەسانی بەکارهێنەریش کۆدەکاتەوە و بەکاریدەهێنێت بۆئەوەی:

- پەرە بە راپۆرتە ناوخۆییەکانی کۆمپانیا بدات;
- وەک لە + **کووکیەکان و تەکنەلۆژیا هاوشێوەکانی ماڵپەڕی Merlin.net** وەسفکراوە;
- لەبارەی کرِیار و بازارەکانی ئابۆتەوە بزانێت؛ و
- پەیوەندی لەگەڵ بەکارهێنەران بکات دەربارەی ئەو بەرهەمە یان خزمەتگوزارییانەی ئابۆت کە حەزیان پێدەکەن، بە مەرجێک کە ئابۆت رەزامەندی پێشوەختەی بەکارهێنەران وەربگرن وەک لە یاسادا هاتووە.

**+ بنەما یاساییەکانی ئابۆت بۆ پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەران وەک کۆنترۆڵکەر**

بەپێی رێساکانی پاراستنی نهێنی یان پاراستنی زانیاری لە هەندێک لە وڵاتدا، ئابۆت و تاقیگەکانی ئابۆت دەبێت بنەمایەکی یاسایی بۆ پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکان وەک "کۆنترۆڵکەردابنێن" لەبەرئەوەی ئەم زانیاریانە دەگۆرێت بەپێی ئەو وڵاتانەی کە بەکارهێنەران تێیدا دەژین، تکایە لە کۆتایی ئەم سیاسەتەی پاراستنی نهێنیدا بروانە بەشی پەیوەندیدار بۆ بەکارهێنەران.

**+هێشتنەوەی زانیاریەکانی کەسانی بەکارهێنەر (Abbott وەک "کۆنترۆڵکەر"ێک)**

وەک کۆنترۆڵکەر، ئابۆت و تاقیگەکانی ئابۆت زانیاری کەسی بەکارهێنەران بۆ ماوەی پێویست دەهێڵنەوە بۆ چارەسەرکردنی پرسیار و کێشەکان یان بەپێی پابەندبوونە یاساییەکان. ئەمەش لەوانەیە دڵنیابوون لە کوالیتی، سەلامەتی و وریایی ئامێرە پزیشکییەکان لە رێگەی بەرێوەبردنی راپۆرتی رووداوە نەرێنییەکانەوە لەخۆبگرێت.

بەگشتی، زانیارییە کەسییەکان کە لە Merlin.net هەڵگیراون بۆ ماوەی ئەو کاتەی کە پێشکەش دەکرێن دەهێڵرێنەوە. دوای ماوەیەک لە ناچالاکی، و کاتێک کە ناچالاکی دەگاتە سنووری هێشتنەوەی زانیارییەکانی ئابۆت (بەزۆری 7 بۆ 10 ساڵ، بەپێی شوێنەکەت)، زانیارییە کەسییەکان لە سیستەمەکە لادەبرێن. ئەم ماوانە رەنگە بگۆرێن بەپێی یاسای ئەو وڵاتەی کە بەکارهێنەرەکە تێیدا دەژی. بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە بە ئابۆتەوە لەرێگەی بەکارهێنانی ئەم وردەکارییانەی خوارەوە.

**+ئاشکراکردنی زانیاری کەسی بەکارهێنەران لەلایەن ئابۆتەوە**

ئابۆت ئەو زانیارییە کەسییانە نادات بە هیچ لایەنێکی سێیەمی ناپەیوەندیدارکە لە رێگەی Merlin.net کۆکراونەتەوە ، مەگەر بە روونی لەم سیاسەتەی پاراستنی نهێنیدا بە پێچەوانەوە ئاماژە بکرێت.

ئابۆت مافی خۆیەتی زانیاری کەسی بەکارهێنەرانی لەگەڵ دامەزراوە پەیوەندیدارەکانیدا هاوبەش بکات بۆ ئاسانکاری لە کارپێکردن و پاراستنی Merlin.net و/یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پشتگیری کریار. ئەم لایەنانە وەک پرۆسێسەر بەناوی ئابۆتەوە کاردەکەن و رێگەیان پێنادرێت زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەربۆ هیچ مەبەستێکی تر بهێڵنەوە یان بەکاریبهێنن. بۆ زانیاری زیاتر، بروانە گرێبەستی پرۆسێسی داتاکانی Merlin.net.

لەوانەیە ئابۆت زانیاری کەسی بەکارهێنەران لەگەڵ کۆمپانیا سێیەمەکاندا هاوبەش بکات کە گرێبەستیان لەگەڵ دەکات بۆ خزمەتگوزارییەکان، وەک پشتگیری تەکنیکی، پۆستکردن و پرۆسێسکردنی زانیارییەکان. ئاشکراکردنی زانیاری کەسی پێویستە بۆ ئەوەی ئەم کۆمپانیایانە خزمەتگوزارییەکانیان ئەنجام بدەن. ئەم لایەنانە وەک پرۆسێسەر بەناوی ئابۆتەوە کاردەکەن و رێگەیان پێنادرێت زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەربۆ هیچ مەبەستێکی تر بهێڵنەوە یان بەکاریبهێنن. بۆ زانیاری زیاتر، بروانە گرێبەستی پرۆسێسی داتاکانی Merlin.net.

وەک لە رێسا ناوخۆییەکاندا هاتووە، ئەبۆت لەوانەیە هەندێک زانیاری کەسی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی، کلینیکی بەکارهێنەر، دەسەڵاتە تەندروستییە نیشتمانییەکان یان کۆمپانیاکانی بیمە هاوبەش بکات، بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ مەبەستی گەڕاندنەوەی پارەی پزیشکی. هەروەها لەوانەیە ئەم جۆرە بەشداریکردنە لە چوارچێوەی مامەڵەکانی کۆمپانیاکانی وەک فرۆشتن، یەکگرتن، رێکخستنەوە، بەدەستهێنان، هەڵوەشاندنەوە یان رووداوی هاوشێوەدا رووبدات.

هەروەها، لەوانەیە ئابۆت بە پێویستی بزانێت زانیاری کەسی بەکارهێنەرئاشکرا بکات بۆ ئەوەی پابەند بێت بە ئەرکە یاساییەکان و/یان لە وەڵامی بانگهێشتنامە (فەرمانی دەستگیرکردن) یان فەرمانی دادگا. ئەمە رەنگە لە کاتی لێکۆڵینەوە، رێگریکردن یان چارەسەرکردنی چالاکییە

نایاساییەکان، گومانی ساختەکاری، ئەو بارودۆخانەی کە مەترسیی لەسەر سەلامەتی هەر کەسێک دروست دەکەن، پێشێلکردنی ئەم سیاسەتەی پاراستنی نهێنی، یان وەک بەڵگەیەک لە دادگاییکردنەکاندا کە ئابۆت بەشدارە، ئەنجام بدرێت.

ئابۆت هەرگیز زانیاری کەسی بەکارهێنەران بە کرێ نادات یان نایفرۆشێت بە لایەنی سێیەم بۆ مەبەستی بازرگانی یان مەبەستی بازرگانی تر

## + گواستنەوەی نێودەوڵەتی زانیاری کەسانی بەکارهێنەر و هەڵگرتنی زانیاری

لە ئێستادا کۆمپانیای ئابۆت سێرڤەرەکانی Merlin.net دەگوازێتەوە بۆ هەوری مایکرۆسۆفت ئەزۆر بۆ دڵنیابوون لەوەی سێرڤەرەکان لە ناوچەیەکی جوگرافیای دیاریکراودان. **بەدرێژایی ماوەی ئەم گواستنەوەیە، شوێنی هەڵگرتنی زانیارییە کەسییەکان بەپێی ئەو وڵاتە دیاری دەکرێت کە کلینیکی بەکارهێنەرەکەی تێیدایە و بەرهەمەکەشی لێیە.** بۆ نموونە، ئەگەر کلینیکی بەکارهێنەرلە وڵاتێکی ئەندامی ناوچەی ئابووری ئەوروپا (EEA) بێت، زانیاری کەسی لە سێرڤەرەکاندا هەڵدەگیرێت کە لە کۆماری ئێرلەندا هەڵدەگیرێن. ئەو زانیارییە کەسییانەی کە لەلایەن بەکارهێنەرەوەلە Merlin.net بار دەکرێن لە نزیکترین شوێنی کلینیکی بەکارهێنەر یان بەپێی ڕێساکانی هەڵگرتنی زانیاری و نهێنی ئەو وڵاتە تایبەتە هەڵدەگیرێن. کاتێک زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەرێک لە وڵاتێکی جیاواز لە شوێنی کلینیکی بەکارهێنەردا هەڵبگیرێت، لەوانەیە پابەند بێت بە یاساکانی وڵاتی خانەخوێوە کە لەوانەیە لەگەڵ یاساکانی شوێنی کلینیکی بەکارهێنەردا نەگونجێت. بۆ دەستگەیشتن بە نوێترین زانیاری دەربارەی بەرهەم و شوێنی کۆگاکانی پەیوەست بە Merlin، تکایە سەردانی www.Cardiovascular.Abbott/MerlinCloudEU بکە.

بەپێی شوێنی بەکارهێنەر و بەرهەمی بەکارهێنراو، زانیاری کەسی دەتوانرێت ڕاستەوخۆ لە بەکارهێنەرەوە بگوازرێتەوە و لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبگیرێت، مەگەر هەڵاوێردکردنی ناوخۆیی جێبەجێ بکرێت. لەبەر ئەوەی ئابۆت خزمەتگوزاری پشتگیری پێشکەش بە کلینیکەکان دەکات، ڕەنگە زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەران لە شوێنی جیاوازەوە دەستیان پێ بگات. ئەمەش وڵاتی نیشتەجێبوونی بەکارهێنەر، سوید، یان شوێنێکی دیکە لە یەکێتی ئەوروپا، هەروەها ناوەندەکانی پشتیوانی لە مالیزیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگرێتەوە. یاساکانی پاراستنی نهێنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و مالیزیا لەوانەیە هەمان ئاستی پاراستن بۆ زانیارییە کەسییەکان دابین نەکەن وەک ئەوانەی لە وڵاتی نیشتەجێبوونی بەکارهێنەرەکەدان، وەک ناوچەی ئابووری ئەوروپی، سویسرا یان بەریتانیا.

بەپێی پابەندبوونە یاساییەکان، ئابۆت پارێزبەندییەکانی لە گرێبەستەکانی لەگەڵ کلینیکەکاندا داناوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەران تا ئاستێک پارێزراون کە بە شێوەیەکی بەرچاو بەراورد بکرێت بە ستاندارده کارپێکراوەکان لە وڵاتی نیشتەجێبوونی بەکارهێنەر. ئەم پارێزبەندییانە، بۆ زانیارییە کەسییەکان کە لە EEA سەری هەڵداوە، بریتین لە پەسەندکردنی بڕگە گرێبەستییە ستانداردەکان (SCC) کە لەلایەن کۆمیسیۆنی ئەوروپاوە پەسەندکراون لە نێوان کۆنترۆڵکەر و پرۆسێسەردا. ئەم بڕگە گرێبەستییە نمونەییانەی لەلایەن دادگای دادوەری ئەوروپاوە وەک چوارچێوەیەکی یاسایی دروست بۆ گواستنەوەی زانیارییە کەسییەکان بۆ وڵاتانی دەرەوەی ناوچەی ئابووری ئەوروپا پشتڕاستکراونەتەوە. سەرەڕای ئەوە، بۆ زانیارییە کەسییەکان کە لەبەریتانیاوە سەری هەڵداوە، ئابۆت بڕگەکانی گرێبەستی نمونەیی بەکاردەهێنێت کە لەلایەن نووسینگەی کۆمیساری زانیاری بەریتانیاوە پەسەندکراون. بە جێگیرکردنی ئەم پاراستنانە لە گرێبەستەکانیدا، ئابۆت دڵنیایی دەدات لە گواستنەوەی یاسایی زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەران بۆ ئەمریکا وەک پرۆسێسەر، ئەمەش کۆمپانیاکە دەتوانێت ئەرکە گرێبەستییەکانی لەگەڵ کلینیکەکاندا جێبەجێ بکات. جگە لە جێگیرکردنی ئەم پارێزبەندییانە، ئابۆت پرۆتۆکۆڵی ئاسایشی بەهێزی بۆ پاراستنی زانیارییە کەسییەکان جێبەجێ کردووە.

## +مافەکانی بەکارهێنەران لە زانیارییە کەسییەکانیاندا

بەکارهێنەران بژاردەی ئەوەیان هەیە کە وردەکارییەکانی پرۆفایلی خۆیان وەک (ناو، ناونیشانی ئیمەیڵ و وشەی نهێنی) لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی هەژماری Merlin.net خۆیانەوە ڕاست بکەنەوە کە لە ماڵپەڕەکەدا دەستیان پێدەگات.

لەبارەی ئەو زانیارییە کەسییانەی کە ئابۆت بۆتە کۆنترۆڵکەریان، بەپێی شوێنی بەکارهێنەرێک، بەکارهێنەران مافی ئەوەیان هەیە داوای ئەوە بکەن کە ئابۆت: (ا)ئاسانکاری بکات لەوەی کە دەستیان بگات بە زانیارییە کەسییەکانی خۆیان کە لەلایەن ئابۆتەوە لەبەردەستدان؛ (ب) هەر زانیارییەکی کەسی نادروست کە لەلایەن ئابۆتەوە لەبەردەستدایە ڕاست بکاتەوە؛ (پ) هەر زانیارییەکی کەسی کە لەلایەن ئابۆتەوە لەبەردەستدایە بسڕێتەوە؛ (ت) سنووردارکردن یان وەستاندنی پرۆسێسکردنی ئەو زانیارییە کەسییانەی کە لەلایەن ئابۆتەوە لەبەردەستدان؛ (جـ) نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە پرۆسێسکردنی ئەو زانیارییە کەسییانەی کە لەلایەن ئابۆتەوە لەبەردەستدان؛ و/یان (چ) وەرگرتنی یان گواستنەوەی بۆ کۆمپانیایەکی تر هەر زانیارییەکی کەسی کە پێشکەشی ئابۆت دەکەن بە شێوەیەکی پێکهاتەدار و شێوەی بەبەربڵاوی بەکارهێنراو کە بکرێت بۆ ئامێر بتوانێت بیخوێنێتەوە. هەروەها بەکارهێنەران مافی ئەوەیان هە یە کە سکاڵا لەدژی دەسەڵاتی چاودێری پاراستنی زانیاری نیشتمانی تۆمار بکەن.

تکایە ئاگاداربن کە بە شێوەیەکی ئاسایی بەپێی یاسا پێویست ناکات ئابۆت ئەو سیستەمە جێبەجێ بکات یان پارێزگاری لێبکات کە لە ڕووی تەکنیکییەوە لەگەڵ ئەو سیستەمەدا کاربکات کە لەلایەن کۆمپانیاکانی ترەوە دابینکراون، مەگەر بەپێی ڕێسا ناوخۆییەکان داوایان لێبکرێت (بڕوانە بەشی**بەناونیشانی +بۆ بەکارهێنەران لە فەرەنسا** لە خوارەوە). لەوانەیە نەتوانرێت بۆ ئابۆت بتوانێت ڕاستەوخۆ زانیاری کەسی بەکارهێنەرێکی بۆ کۆمپانیایەکی تر بگوازێتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مافەکانی پەیوەست بە زانیارییە کەسییەکانیان، بەکارهێنەران ئامۆژگاری دەکرێن کە لە کۆتایی ئەم سیاسەتەی پاراستنی نهێنیدا بڕواننە بەشی وڵاتی پەیوەندیدار.

**ئابۆت زۆربەی زانیارییە کەسییەکان سەبارەت بە بەکارهێنەران وەک کۆنترۆڵکەرێک و هەروەها وەک پرۆسێسەرێک لەبری کلینیکی بەکارهێنەران دەهێڵێتەوە. ئەگەر بەکارهێنەر بیەوێت هەریەکێک لە مافەکانی خۆی سەبارەت بە زانیارییە کەسییەکانی هەڵگیراو لە Merlin.net دووپات بکاتەوە، ئامۆژگاری دەکرێت سەرەتا پەیوەندی بە کلینیکەوە بکات.**

ئەگەر ئابۆت ڕەزامەندی لە بەکارهێنەرێک وەرگرتبێت سەبارەت بە پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکانی، بەکارهێنەر مافی خۆیەتی لە هەر کاتێکدا ئەو ڕەزامەندییە بکێشێتەوە بە پەیوەندیکردن بە ئابۆتەوە. کشانەوەی ڕەزامەندی کاریگەری نابێت لەسەر یاساییبوونی پرۆسێسکردن بە پشتبەستن بە ڕەزامەندی بەکارهێنەر پێش کشانەوەی. هەروەها گرنگە لەوە تێبگەین کە ئەگەر ڕەزامەندییەکە بکشێنرێتەوە، ئابۆت تەنها ئەو زانیارییە کەسییانەی کە پەیوەندییان بە ڕەزامەندییە کێشێنراوەکەوە هەیە، دەوەستێنێت. ئابۆت بەردەوام دەبێت لە پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکان لەو شوێنانەی کە بنەمایەکی یاسایی جێگرەوە هەبێت، وەک جێبەجێکردنی ئەرکە ڕێکخراوەییەکان بۆ دروستکردنی ئامێرە پزیشکییەکان.

**+سڕینەوەی هەژماری بەکارهێنەر لە Merlin.net**

بەکارهێنەران بژاردەی سڕینەوەی هەژماری Merlin.net یان لە هەر کاتێکدا دەهێڵنەوە بە پەیوەندیکردن بە کارگێڕی Merlin.net ی کلینیکەکە.

**+ئاسایش**

ئابۆت ڕێوشوێنی ئاسایشی گونجاوی داناوە کە لەگەڵ ستانداردەکانی پیشەسازیدا بگونجێت بۆ پاراستنی زانیارییە کەسییەکان لە لەدەستدانی بەڕێکەوت، دەستگەیشتن بە بێ مۆڵەت، خراپ بەکارهێنان یان زیان پێ گەیاندن. Merlin.net تەنها دەتوانرێت لە ڕێگەی چینێکی سوکێتی پارێزراوەوە ("https") دەست بگات پێ، کە دڵنیای دەدات لە پەیوەندییەکی پارێزراو بۆ بەکارهێنەران. تکایە لەبیرت بێت کە ئاسایشی ڕەهای گواستنەوەکانی ئینتەرنێت گەرەنتی 100% ناکرێت و ڕەنگە هەندێک پەیوەندییەکان لە Merlin.netەوە بە تەواوی پارێزراو نەبن. جگە لەوەش کۆمپانیای ئابۆت ڕێوشوێنی ئەمنی و ستانداردی کارکردنی یەکتری لەسەر ئاستی ناوخۆیی دامەزراندووە، وەک لە یاساکانی ئەو وڵاتانەدا هاتووە کە بەکارهێنەران تێیدا جێگیرن.

**+تایبەتمەندی منداڵان**

ئابۆت بە ئەنقسەت زانیاری کەسی لە منداڵان کۆناکاتەوە. ئەگەر بەکارهێنەرێک پێی وایە کە منداڵێک زانیاری کەسی بە ئابۆت داوە، تکایە پەیوەندی بە ئابۆتەوە بکە بە بەکارهێنانی ئەو زانیارییە پەیوەندیانەی کە لە خوارەوە هاتووە. ئابۆت هەوڵی گونجاو دەدات بۆ لابردنی ئەو جۆرە زانیاریانە لە تۆمارەکانیدا.

**+پەیوەندی بکە بە ئابۆتەوە**

ئەگەر بەکارهێنەرێک هەر پرسیارێک، نیگەرانییەک یان سکاڵایەکی هەبێت سەبارەت بە مامەڵەکردنی ئابۆت لەگەڵ زانیارییە کەسییەکان یان بیەوێت مافەکانی پاراستنی زانیارییەکانی خۆی بەکاربهێنێت، پێویستە سەرەتا پەیوەندی بە کلینیکەکەوە بکات. ئەگەرنا تکایە پەیوەندی بە ئابۆتەوە بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی:

ئەفسەری پاراستنی نهێنی، ئابۆت، X036، 2-AP06A، 100 ئابۆت پارک ڕۆد، ئابۆت پارک، 60064 IL، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا

یان لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە بەم ناونیشانە privacy@abbott.com

ئەگەر بەکارهێنەرەکە نیشتەجێی ناوچەی ئابووری ئەورووپی یان شانشینی یەکگرتوو بێت، ئەوا دەتوانێت پەیوەندی بە بەرپرسی پاراستنی زانیارییەکانی ئابۆتەوە بکات، کە دەتوانرێت وردەکارییەکانی پەیوەندیکردنەکەی لە www.eu-dpo.abbott.com دەست بکەوێت.

**+ گۆڕانکاریەکان لەم ئاگادارییەی پاراستنی نهێنیدا**

ئەگەرئابۆت گۆڕانکاری لە شێوازەکانی پاراستنی نهێنیدا بکات، ڤێرژنی نوێکراوەی ئەم ئاگادارییە ئەو گۆڕانکاریانە دەخاتەڕوو. بەکارهێنەران ئاگادارکردنەوەکان سەبارەت بە نوێکارییەکانی ئەم سیاسەتی پاراستنی نهێنی لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە یان کاتێک کە لە داهاتوودا دەچنە ناو Merlin.net وەردەگرن. بەکارهێنەران ئاگادارکردنەوەکان سەبارەت بە هەر ڤێرژنی نوێی ئەم سیاسەتەی پاراستنی نهێنی وەردەگرن و پێویستە پێداچوونەوە بکەن و دانیان پێدا بنێن، ئەگەر پێویست بوو، (و ڕازی بن، ئەگەر یاسا داوا بکات) بۆ پاراستنی دەستڕاگەیشتن و بەکارهێنانی هەژماری Merlin.net یان لە ڕێگەی ماڵپەڕی Merlin.net.

بەبێ ئەوەی زیان بە مافەکانی تۆ بگەیەنین بەپێی یاسای کارپێکراو، ئێمە مافی نوێکردنەوە و هەموارکردنەوەی ئەم ئاگادارییە نهێنییەمان هەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە بۆ ئەوەی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، گۆڕانکارییە یاسایی و ڕێکخراوەییەکان و پراکتیزە بازرگانییە باشەکان ڕەنگبداتەوە تا ئەو ڕادەیەی کە شێوازەکانی پاراستنی نهێنی وەک ئەوەی دیاریکراوە ناگۆڕێت لەم ئاگادارییە نهێنییەدا.

**+ زانیاری بۆ کلینیکەکان سەبارەت بە تۆڕی چاودێری نەخۆشیThe Merlin.net™ تاکو بە نەخۆشەکان بدرێ**

جگە لەو بڕگانەی کە لە بەشەکانی دواتردا باسکراون، کلینیکەکان کۆنترۆڵکەری زانیارییە کەسییەکانن، لەوانەش زانیارییە پەیوەندیدارە تەندروستییەکان کە پەیوەندییان بەو نەخۆشانە هەیە کە لە Merlin.netناویان تۆمارکردووە بە مەبەستی چاودێریکردنی ئامێرەکانیان و بارودۆخی دڵیان. کلینیکەکانپابەندن بە پێدانی ئەو زانیاریانەی کە لە خوارەوە هاتووە بە هەموو نەخۆشەکان و پێویستە ڕەزامەندی لە نەخۆشەکانیان وەربگرن سەبارەت بە پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکانیان لەلایەن ئابۆتەوە وەک کۆنترۆڵکەرێک، ئەگەر یاسا داوا بکات.

لە خوارەوە ئەو زانیاریانە دەخەینەڕوو کە پێویستە کلینیکەکە پێشکەشی نەخۆشەکانی بکات سەبارەت بە Merlin.net. بەکارهێنەران هاندەدرێن کە ئەم زانیاریانە چاپ بکەن و لەگەڵ نەخۆشەکانیاندا بەشی بکەن. هەروەها بەکارهێنەران دەبێت ڕەزامەندی نەخۆشەکانیان وەربگرن، لە شوێنی پێویستدا، پێش ئەوەی زانیارییە کەسییەکانیان بۆ Merlin.net باربکەن.

بە بارکردنی زانیاری کەسی نەخۆشێک بۆ Merlin.net، بەکارهێنەر پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئەو زانیاریانەی خوارەوەی بۆ ئەو نەخۆشە دابین کردووە و ڕەزامەندی وەرگرتووە بۆ ئەوەی ئابۆت زانیارییە کەسییەکانی خۆی پرۆسێس بکات (ئەگەر بەپێی یاسا داوابکرێت).

**سیاسەتی پاراستنی نهێنی بۆ بەکارهێنەرانی تۆڕی چاودێری نەخۆشی The Merlin.net™ داڕێژراوە**

**+تێڕوانینی گشتی**

ئەم کلینیکە (**"ئێمە"**، **"مان"** یان **"هی ئێمە"**)، هاوبەشیمان لەگەڵ ئەبۆت کردووە بۆ دابینکردنی دەستڕاگەیشتن بە تۆڕی چاودێری نەخۆشانی Merlin.net™(**"Merlin.net"**) بە مەبەستی چاودێریکردنی ئامێر و بارودۆخی دڵت. وەک کۆنترۆڵکەری زانیارییە کەسییەکانی تۆ، ئێمە سەرپەرشتی پرۆسێسکردنی دەکەین و دڵنیا دەبینەوە لە پابەندبوون بە یاسا پەیوەندیدارەکانی پاراستنی زانیارییەکان بۆ ئەوەی چاودێری پزیشکیتان پێبدەین. ئەم بەرپرسیارێتییە درێژدەبێتەوە بۆ ئەو زانیاریانەی کە لە ڕێگەی ماڵپەڕی Merlin.net دەنێردرێت.

ئەم سیاسەتەی خوارەوەی پاراستنی نهێنی باس لەوە دەکات کە چۆن زانیارییە کەسییەکانی تۆ کە پەیوەندییان بە Merlin.net ەوە هەیە، لەوانەش چۆنێتی بەکارهێنانی لەلایەن ئابۆتەوە. ئابۆت، کە دابینکەری ماڵپەڕی Merlin.netە، بە پلەی یەکەم وەک پرۆسێسەرەکەمان کاردەکات. بەڵام ئابۆت کۆنترۆڵکەری زانیارییە کەسییەکانی تۆیە کاتێک بۆ مەبەستی سەلامەتی و ئاسایش و کوالیتی ئامێرە پزیشکییەکان پرۆسێس دەکرێن. ئابۆت گرنگی پاراستنی زانیاری و پاراستنی نهێنی دەزانێت و پابەندە بە پاراستنی زانیارییە کەسییەکان، لەوانە زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە تەندروستی. تکایە دڵنیابە لە پێداچوونەوە بەم سیاسەتەی پاراستنی نهێنی لەگەڵ ڕێنماییەکانی نەخۆشەکانمان کە وردەکارییەکانی کارکردنی Merlin.net دەخاتە ڕوو.

ئاماژەکردن بە زاراوەی "کۆنتڕۆڵکەر" و "پڕۆسێسەر"' لەم سیاسەتەی پاراستنی نهێنیدا، بەکارهێنراون وەک لە یاساکانی پاراستنی زانیارییەکانی ناوچەی ئابووری ئەورووپا وشانشینی یەکگرتوو و سویسرادا پێناسە کراوە. ئەگەر مەرجەکانی ئاماژەپێکراو بە ڕوونی لە یاساکانی پاراستنی نهێنی یان پاراستنی زانیارییەکانی وڵاتی نیشتەجێبوونتدا پێناسە نەکرابن، ئەوا ئەو مەرجانە، لەو شوێنانەی کە گونجاون، مانای هاوتای مەرجە هاوشێوەکانیان دەبێت کە بەپێی یاساکانی پاراستنی نهێنی یان پاراستنی زانیارییە کارپێکراوەکان لە وڵاتی نیشتەجێبوونتدا پێناسە کراون.

**+دەربارەی ئابۆت و زانیاری کۆنترۆڵکەر**

تاقیگەکانی ئابۆت کۆمپانیای دروستکردنی ئامێری چاندنی دڵتە. ئەم کلینیکە گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای ئابۆت هەیە بۆ ئەوەی دەستڕاگەیشتن بە ماڵپەڕی Merlin.net کە زانیاری لەسەر ئامێری دڵ و بارودۆخی دڵی تێدایە. کۆمپانیا هاوبەشە ناوخۆییەکەی‌ئابۆت **کە خزمەت بە شوێنی سەرەکی کلینیکەکەت دەکات** بە **"Abbott"** ناودەبرێت **لەم سیاسەتەی پاراستنی نهێنیداو** دابینکەری خزمەتگوزارییەکانی Merlin.net بۆ کلینیکەکەت. هەروەها ئابۆت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی خزمەتگوزاری تەکنیکی و پشتگیری کڕیار بۆ ئەم کلینیکە پێشکەش دەکەن. ئابۆت لەبری ئێمە دەستی دەگات بە زانیارییە کەسییەکانی تۆ و پرۆسێسیان دەکات. لە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی دادوەریدا، ئەم ڕێکخستنە بە ئابۆت ناسراوە کە وەک "پڕۆسێسەر" بۆ ئەم مەبەستانە.

لەم سیاسەتەی پاراستنی نهێنیدا، **"تاقیگەکانی ئابۆت"** ئاماژەیە بۆ تاقیگەی ئابۆت، کە زانیارییەکانی دیاریکراوە لە **+پەیوەندی بکە بە ئێمە یان ئابۆت**

ئابۆت و تاقیگەی ئابۆت وەک کۆنترۆڵکەری زانیارییە کەسییەکانی تۆ کاردەکەن بۆ مەبەستی پرۆسێسکردنی تایبەت و سنووردارهەر وەک کە باسکراوە لە بەشی **+بەکارهێنانی زانیارییەکانی تۆ لەلایەن ئابۆت** لەم سیاسەتی پاراستنەی نهێنیەدا. ئەگەر هەر پرسیارێک، نیگەرانییەک یان سکاڵایەکت هەیە سەبارەت بە بەکارهێنانی زانیارییە کەسییەکانت لەلایەن تاقیگەی ئابۆت یان ئابۆت وەک کۆنترۆڵکەرێک، و دەتەوێت مافەکانی پاراستنی زانیارییەکانت بەکاربهێنیت، تکایە پەیوەندی بە ئابۆتەوە بکە لە ڕێگەی ئەو زانیارییە پەیوەندییانەی کە لە بەشی **+ پەیوەندیمان پێوە بکە یان ئابۆت**.

**+دەربارەی Merlin.net**

Merlin.net پشتگیری لە ئامێرە چێنراوەکانی دڵ دەکات کە لەلایەن تاقیگەی ئابۆتەوە بەرهەم هێنراون، لەوانە پەیسمەیکەر، ئامێری چاندنی دڵی وەرچەرخان (ICDs)، چاودێری دڵی جێگیرکراو (ICMs)، و چاودێری پەستانی خوێنبەرەکان وەک سیستەمی CardioMEMS™ HF. Merlin.net ئاسانکاری دەکات بۆ گواستنەوەی خێرا و ئۆتۆماتیکی ئەو زانیاریانەی کە لە ئامێری دڵی چێنراوتەوە کۆکراونەتەوە بۆ بنکەیەکی زانیاری پارێزراو و تایبەت. لە ڕێگەی Merlin.net دەتوانین بەردەوام چاودێری کارایی و تەندروستی ئامێرەکەت بکەین، هەروەها کاریگەرییەکانی لەسەر تەندروستی تۆ، لە ڕێگەی نوێکارییە بەردەوامەکانەوە کە لە دوورەوە وەریدەگرین. Merlin.net چاودێری لە دوورەوە بۆ بارودۆخی دڵت پێشکەش دەکات، ڕێگەمان پێدەدات ڕژیمی چارەسەرکردنەکەت بەپێی پێویست ڕێکبخەین بەبێ ئەوەی پێویست بکات سەردانی زۆرجار بە شێوەیەکی کەسی بۆ کلینیکەکە بکەیت.

ئەگەر ئامێری چاودێری ماڵەوەت بۆ دابین بکرێت، ئەوا لە تاقیگەی ئابۆتەوە دەبەسترێتەوە بە ئامێری چێنراوەکەی دڵتەوە. ناتوانرێت بۆ گواستنەوەی زانیاری لە هیچ ئامێرێکی تر یان کەسێکی ترەوە بەکاربهێنرێت. لەو حاڵەتانەی کە پێویستت بە چاودێری بەپەلە یان درێژخایەن هەیە و دەستت بە گواستنەوەی ماڵەوەت ناگات، ڕەنگە ئامێری دڵی چێنراوەکەت هێشتا چاودێری بکرێت. ئەمە دەتوانێت ڕووبدات ئەگەر نەخۆشخانە، کلینیک، خانەی بەساڵاچووان یان دامەزراوەیەکی هاوشێوەی ئامێری چاودێری Merlin.net تەیار بکرێت. لە ماوەی مانەوەت لەم دامەزراوە چاودێرییە، هەردوو ئەم دامەزراوەیە و کلینیکەکەمان ڕاپۆرت سەبارەت بە کارکردنی ئامێرەکەت وەردەگرن.

ئەگەر ئامێری پەیسمەیکەر یان دیفیبریلەیتۆرت چاندووە، ئەوا دەتوانیت بژاردەی بەکارهێنانی ئامێری چاودێریەکەت ڕەتبکەیتەوە. ئەگەر تۆ هەڵبژێریت کە ئامێری چاودرێری بەکارنەهێنیت، داوات لێناکرێت هۆکارێک بۆ بڕیارەکەت بخەیتەڕوو، هەروەها کاریگەری لەسەر چارەسەرە

ستانداردەکەت نابێت.  تکایە ئاگاداربە ئەگەر تۆ ناوت تۆمار نەکەیت لە Merlin.net، ئێمە زانیاری سەبارەت بە بارودۆخی دڵت وەرناگرین یان ناتوانین چاودێری بکەین.  ئەگەر تۆ هەڵتبژارد واز لە بەکارهێنانی ئامێری چاودێریەکە بهێنیت کە پەیسمەیکەر/دیفیبریلەیتەری هەیە، تکایە ئاگاداربە کە ئێمە چیتر ناتوانین زانیاری دەربارەی تۆ لە ڕێگەی Merlin.net کۆبکەینەوە. بەڵام هەر زانیارییەک کە پێشتر کۆکرابێتەوە لەلایەن ئێمەوە بەردەوام دەبێت لە پرۆسێسکردن بۆ دڵنیابوون لە چاودێری پزیشکی بەردەوامی تۆ.

ئەگەر تۆ چاودێری پەستانی خوێنهێنەری سییەکان CardioMEMS™ یان چاودێری دڵی جێگیرکراوت وەرگرتووە، تکایە تێبینی بکە کە تاکە ڕێگە کە ئێمە دەتوانین چاودێریت بکەین لە ڕێگەی Merlin.net ەوەیە.  بۆیە هەڵبژاردنی ناو تۆمارنەکردن لە Merlin.net کاریگەری لەسەر توانای ئێمە دەبێت بۆ چاودێریکردنی بارودۆخەکەت و دەتوانێت کاریگەری لەسەر توانای ئێمە هەبێت بۆ پێشکەشکردنی چارەسەری گونجاو بۆت.

**+بەکارهێنانی زانیارییەکانت لە لایەن ئێمەوە**

زانیارییەکانتان وەک بەشێک لە چاودێری پزیشکیتان کۆدەکرێنەوە، و ئێمە بەردەوام دەبین لە داخڵکردنی لە Merlin.net.  بەکارهێنانی Merlin.net یارمەتیدەرمانە بۆ چاودێریکردنی ئامێرەکەت و بارودۆخی دڵت، ئەمەش ڕەنگە پێویستی بە سەردانی زۆر کەم بکات. بەڵام هەروەها زانیاری گرنگمان بۆ دابین دەکات کە ڕەنگە وامان لێبکات داوای چاوپێکەوتن لەگەڵ تۆ بکەین.  بەکارهێنانی Merlin.net توانای ئێمە بۆ دابینکردنی چاودێری پزیشکی بۆ ئێوە ئاسان دەکات.

**+Merlin.Net و زانیارییەکانتان**

داتاکانت لە Merlin.net کە لەلایەن ئێمە و ئابۆتەوە بەڕێوەدەبرێت، وردەکاری جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت وەک ناو، ناونیشان، زانیاری پەیوەندیکردن، وردەکاری ئامێرەکان لەوانە مۆدێل و ژمارەی زنجیرەیی، وردەکارییەکانی لەدایکبوون، ڕەگەز، پەسەندکردنی زمان، مێژووی دەرمان، تۆماری خەواندن لە نەخۆشخانە، زانیاری پەیوەندیدار بە بارودۆخ، دەستنیشانکردن، ئەرکەکانی ئامێر، مێژووی چارەسەرکردن، بەروارەکانی پێشکەشکردن، و لەوانەیە ناسنامەی نەخۆشێکی دیاریکراوی کلینیک یان ناسێنەرێکی تر وەک ژمارەی ناسنامەی کەسی پەیوەست بە چاودێری تەندروستی.  سەرەڕای ئەوە، ڕەنگە ئێمە وردەکارییەکانی پەیوەندی فریاگوزاری بۆ تۆ تۆمار بکەین، لەوانەش ناو، ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانیان. بژاردەی ئەوەت هەیە بڕیار بدەیت کە ئایا دەتەوێت پەیوەندییەکی فریاگوزاری پێشکەش بکەیت یان نا. ئەگەر تۆ هەڵبژێریت کە ئەم زانیاریانە بدەیت، پێویستە ڕەزامەندی لە پەیوەندییە فریاگوزاریەکەتەوە وەرگرتبێت بۆ ئاشکراکردنی وردەکارییەکانیان بە مەبەستی مامەڵەکردن وەک پەیوەندییە فریاگوزاریەکەت. ئەگەر تۆ لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا نیشتەجێیت، ڕەنگە Merlin.net وردەکارییەکانی سەبارەت بە ڕەگەزەکەت لەخۆبگرێت.  ئەگەر تۆ لە فەرەنسا نیشتەجێیت، Merlin.net لەوانەیە ناسێنەری تەندروستی نیشتمانیت ("INS") بەپێی پێداویستییە یاساییە ناوخۆییەکان کۆبکاتەوە و بەکاریبهێنێت.

ڕاپۆرتەکانی Merlin.net ئەو زانیاریانە کۆدەکەنەوە کە لە ئامێرەکەتەوە بەدەست هاتوون، تێڕوانینەکانتان بۆ کاریگەرییەکانی لەسەر تەندروستیتان دەدات. هەروەها دەتوانێت ئاگادارکردنەوەی ئۆتۆماتیکی سەبارەت بە کێشەکانی پەیوەست بە ئامێرەکان وەربگرێت، کە یارمەتی پاراستنی بەدواداچوونی بەرنامە بۆ داڕێژراو دەدات لە دوورەوە. ئەو زانیاریانەی کە وەرگیراون لە پرۆفایلی نەخۆشەکەتدا لە Merlin.net یەکدەخرێن، کە لەوانەیە داتای بەدواداچوونی تایبەت بە ئامێر و کلینیک، داتای بەدواداچوونی دوور و خشتەیەکی بەدواداچوون لەخۆبگرێت. پرۆفایلی نەخۆشی Merlin.net ی تۆ بەردەوام نوێ دەکرێتەوە لەگەڵ وەرگرتنی زانیاری لە ڕێگەی سیستەمەکەوە، ئەمەش دڵنیای دەدات لە تۆمارکردنی وردی کارکردنی ئامێرە چێنراوەکەت و باری تەندروستیت.

### +بنەمای یاساییمان بۆ پرۆسێسکردنی زانیارییەکانتان

بەپێی ڕێساکانی پاراستنی زانیاری لە هەندێک وڵاتدا، ئێمە پێویستە بنەمایەکی یاسایی بۆ پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکان وەک "کۆنترۆڵکەر"مان هەبێت. لەبەرئەوەی ئەم زانیاریانە دەگۆڕێت بەپێی ئەو وڵاتانەی کە تۆ تێیدا دەژیت، تکایە لە کۆتایی ئەم سیاسەتەی پاراستنی نهێنیدا بڕوانە بەشی پەیوەندیدار بە وڵاتەکە.

**+کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیارییەکانی تۆ وەک "پرۆسێسەر" لەلایەن ئابۆتەوە**

جگە لەوەی کە Merlin.net بۆ ئێمە دابین دەکرێت بۆ مەبەستی چاودێریکردنی ئامێرەکەت و بارودۆخت، ئابۆت پشتگیری تەکنیکی و کلینیکیش پێشکەش دەکات بە ئێمە بەگوێرەی گرێبەستەکەمان لەگەڵیاندا. سەرەڕای ئەوە، جگە لە پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکانی تۆ لەلایەن ئابۆتەوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی Merlin.net، ڕەنگە ئێمە مۆڵەت بە کارمەندانی ئابۆت بدەین بۆ دەستگەیشتن بە زانیارییەکانتان بەپێی پێویست و بەپێی ڕێسا کارپێکراوەکانی پاراستنی نهێنی. لەوانەیە ئەم دەستڕاگەیشتنە پێویست بێت بۆ ئەوەی ئێمە پشتگیری تەکنیکی و کلینیکی وەربگرین، لەوانەش یارمەتیدان لە چاککردنەوە، بەرزکردنەوە، چارەسەرکردنی کێشەکانی Merlin.net، یان لێکدانەوەی ئەو زانیاریانەی کە لە ئامێری ئابۆتتەوە نێردراوە.  لەو شوێنانەی کە ئابۆت بەناوی ئێمەوە یان لەسەر داواکاری ئێمە بەشداری لەو جۆرە پرۆسێسکردنەدا دەکات، وەک پرۆسێسەرێک ئەو کارە دەکات.

ڕەنگە کۆمپانیای ئابۆت لە شوێنی جیاوازەوە ئەو جۆرە هاوکاریانەمان پێشکەش بکات، لەوانە وڵاتی نیشتەجێبوونت، سوید یان شوێنێکی دیکە لە یەکێتی ئەوروپا، هەروەها لە ناوەندەکانی پشتیوانییەوە لە مالیزیا و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا.  لەوانەیە ئابۆت لایەنی سێیەمی تر بەشدار بکات بۆ پێشکەشکردنی پشتگیری تەکنیکی یان کلینیکی بۆ ئێمە. لەم جۆرە حاڵەتانەدا، ئابۆت پابەندە بە جێبەجێکردنی ڕێکارەکان بۆ پاراستنی نهێنی، یەکپارچەیی و ئاسایشی زانیارییە کەسییەکانت. ئابۆت زانیارییە کەسییەکانی تۆ وەک پرۆسێسەرێک کە بەناوی ئێمەوە کاردەکات بۆ ئەم مەبەستانە پرۆسێس دەکات.

دوای ئەوەی تۆ ناوت تۆمار دەکەیت لە Merlin.net، لەوانەیە ئێمە خزمەتگوزارییەکانی ئابۆت بەکاربهێنین بۆ پێشکەشکردنی پشتگیری. لەوانەیە ئابۆت بە ڕاستەوخۆ پەیوەندیت پێوەبکات، کە بەناوی ئێمەوە کاردەکات، بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە دابەزاندن و دامەزراندنی

ئەپی Merlin.net، ڕێکخستنی ئەپەکە، جووتکردنی لەگەڵ ئامێری دڵی چێنراوەکەت، ڕێنماییکردن لەسەر کارایی و بەکارهێنانی ئەپەکە، و چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک کە پەیوەندی بە ئەپەکەوە هەبێت. ئەگەر تووشی کێشە بوویت لە بەکارهێنانی بەرنامەکەدا، لەوانەیە ئامێرێکی چاودێری جیای Merlin.net وەربگریت، کە دەنێردرێت بۆ ناونیشانی دیاریکراوی خۆت. کاتێک ئێمە داوای لە ئابۆت دەکەین ئەم خزمەتگوزاریانەتان پێشکەش بکات، ئەوان وەک بەشێک لە گرێبەستەکەیان لەگەڵ ئێمەدا ئەوە دەکەن.

**+نامەی تەلەفۆنی ئۆتۆماتیکی**

ئێمە توانای ڕێکخستنی Merlin.netمان هەیە بۆ ئەوەی پەیامی پێشوەختەی تۆمارکراوی ئۆتۆماتیکیتان بۆ بنێرێت، بە مەرجی ڕەزامەندی پێشوەختەی تۆ (ئەگەر ڕێسا ناوخۆییەکان داوایان کردبێت). ئەم تایبەتمەندییەی پەیام ناردنە\ کە بە تایبەتی بۆ ئامێرە چێنراوەکەت دیزاین کراوە، دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ گەیاندنی بیرخستنەوە یان ڕێنماییەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی ئامێرەکەت، بەرنامە پەیوەندیدارەکان، یان چاودێری نەخۆش.

ئەم نامە تەلەفۆنییە ئۆتۆماتیکیانە بەزۆری لەو کاتانەدا دەنێردرێت کە لە نێوان تۆ و ئێمەدا ڕێککەوتوون و ئەگەر پێت باشە، لەوانەیە وەک کورتەنامە بۆ مۆبایلەکەت بنێردرێت نەک پەیوەندی دەنگی.  تکایە ئاگاداربن کە ئەم نامە تەلەفۆنە ئۆتۆماتیکیانە ڕەنگە کاریگەرییان لەسەر بێت بەهۆی سیگناڵ و کارایی‌ەکانی تەلەفۆنەوە.  ئەم نامانە تەنها بۆ مەبەستی چاودێری پزیشکی یان پشتگیری بەرهەم بەکاردەهێنرێن، و تۆ بژاردەی ئاگادارکردنەوەت هەیە ئەگەر پێت باشە تایبەتمەندی نامە ناردن بەکارنەهێنیت.  نامەی تەلەفۆنی ئۆتۆماتیکی بەبێ بەرامبەر دابین دەکرێت، بەڵام تکایە ئاگاداربە کە ڕەنگە لەلایەن بەڕێوەبەری مۆبایلەکەتەوە پارەت لێ وەربگیرێت بۆ وەرگرتنی ئەو جۆرە نامانە.

جگە لەوەش، لەوانەیە ئێمە پەیوەندی تەلەفۆنی یان کورتەنامەمان پێ بگات لە پەیوەندی لەگەڵ چاودێریکردنی دوور لە تۆ لە ڕێگەی Merlin.net.

**+کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیارییەکانت لەلایەن ئابۆتەوە وەک "کۆنترۆڵکەر"**

ئابۆت و/یان تاقیگەکانی ئابۆت زانیارییە کەسییەکانت وەک کۆنترۆڵکەرێک بۆ ئەم مەبەستانەی لایخوارەوە بەڕێوەدەبەن:

- بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی بەردەوام لە ئامێرە چێندراوەکانی دڵ و هەر پەرەسەندنێکی داهاتوو;
- بۆ چاودێریکردن و باشترکردنی کوالێتی و کاریگەری ئامێر و سیستەمە پزیشکیەکان;
- بۆچەسپاندنی بەرزکردنەوەکان و دڵنیابوون لە ئاسایش پارێزراوی Merlin.net;
- بۆ ئەنجامدانی شیکارییەکی فراوانتر بۆ دیاریکردنی پرسە سیستمییەکان بۆ بەرژەوەندی گشتی لە بواری تەندروستی گشتیدا.
- بۆ توێژینەوە و پەرەپێدان و تاقیکردنەوەی ئامێرە پزیشکیەکان، لەوانە تایبەتمەندییە نوێ و هەبووەکان و کردارەکان و بۆ تاقیکردنەوە و باشترکردنی Merlin.net بۆ پەرەپێدانی بەرهەمەکان؛ و
- لەو شوێنانەی کە یاسا داوا دەکات، لەوانە وەڵامدانەوەی هەر دەزگایەکی ڕێکخەری کارامە، جێبەجێکردنی یاسا، دەسەڵاتە حکومییەکان، بۆ چارەسەرکردنی ئاسایشی نیشتمانی یان پەتاکان، ڕێوشوێنی دادوەری، فەرمانی دادگا، داواکاری حکومەت یان پرۆسەی یاسایی کە خزمەتمان پێکراوە، یان بۆ پاراستنی سەلامەتی، مافەکان ، یان موڵکی کڕیارەکانمان، خەڵک، ئابۆت یان کەسانی دیکە، و بۆ بەکارهێنان، دامەزراندنی یان بەرگریکردن لە مافە یاساییەکانی ئابۆت یان لەو شوێنانەی کە پێمان وایە پێویستە لێکۆڵینەوە، ڕێگریکردن، یان گرتنەبەری ڕێوشوێن سەبارەت بە چالاکییە نایاساییەکان، گومانی ساختەکاری، ئەو بارودۆخانە کە هەڕەشەی مومکینیان تێدایە بۆ سەلامەتی هەر کەسێک، پێشێلکردنی ئەم ئاگادارییە نهێنییە، یان وەک بەڵگەیەک لە دادگاییکردنێکدا کە ئێمە تێیدا بەشدارین.

هەروەها تاقیگەی ئابۆت لەوانەیە داتای نەناسراو یان ناوی ساختە بۆ مەبەستی توێژینەوە بەکاربهێنێت، بە مەرجی ڕەزامەندی تۆ (ئەگەر ڕێسا ناوخۆییەکان داوایان کردبێت).  ئەگەر داتا بەکاربهێنرێن بۆ مەبەستی توێژینەوە، ئەوە ناو، ناونیشان، ژمارە تەلەفۆن، یان ناونیشانی ئیمەیڵت لەخۆ ناگرێت. تاقیگاکانی ئابۆت هەنگاو دەنێن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هیچ بنەمایەکی گونجاو نییە کە لێیەوە داتای نەناسراو یان ناوی ساختە بەکاربهێنرێت بۆ ناسینەوەی تۆ بە تاک. ئەو زانیاریانەی کە بۆ توێژینەوە بەکاردەهێنرێن لەوانەیە ژمارەی مۆدێلی ئامێرەکە، نێوان بەرواری چاندن و بەرواری سەردانی دواتر، بەرواری چاندن، و دیمۆگرافی وەک شوێنی نیشتەجێبوون و تەمەن لەخۆ بگرێت.  تاقیگەکانی ئابۆت ئەو جۆرە توێژینەوەیە ئەنجام دەدەن بە بەکارهێنانی ئەم داتایە نەناسراوانە یان ناوە ساختانە، یان داتا کۆکراوەکان، ئاماری و/یان نادیارەکان بۆ ئەم مەبەستانەی لایخوارەوە:

- بۆ باشترکردنی کوالیتی و ئاسایش و کاریگەری ئامێرو سیستەمی دڵ و پزیشکییەکان و سیستەمەکانمان و ڕێگەدان بە پەرەپێدانی چارەسەری داهێنەرانە و کاریگەر بۆ حاڵەتەکانی پەیوەست بە دەمارەکان لە بەرژەوەندی تەندروستی گشتی;
- بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ مەبەستی ئاماری و شیکردنەوە و ئاشکراکردنی بۆ توێژەرانی لایەنی سێیەم، قەوارەی چاودێری تەندروستی یان پسپۆڕان، یان بەرپرسانی تەندروستی گشتی;
- بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری ئامێرەکان و چۆنیەتی دابینکردن و بەکارهێنانیان;
- بۆ چەسپاندنی کارایی خزمەتگوزارییەکان و بەرزکردنەوەیان، لەوانەش چاودێریکردن و باشترکردنی سەلامەتی و ئاسایشی ئەم خزمەتگوزارییانە;
- بۆ توێژینەوە و پەرەپێدان و تاقیکردنەوەی ئامێرە پزیشکیەکان، لەوانە تایبەتمەندی نوێ و کرداری ئێستا و تاقیکردنەوە و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و ئامێرە پزیشکیەکان بۆ پەرەپێدانی بەرهەم و شیکردنەوەی داتا و مەبەستی ئامار و ڕاپرسی و
- بۆ بەرژەوەندی گشتی لە بواری تەندروستی گشتی، لەوانە ئەو شوێنانەی کە خزمەتگوزارییەکان و ئامێرە پزیشکیەکان شیاون بۆ قەرەبووکردنەوەی پزیشکی یان بە پێچەوانەوە مافی بیمەی کۆمەڵایەتی یان پارەی گشتییان هەیە.

ئەگەرتۆ داوات لێکرا ڕەزامەند بیت سەبارەت بە پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکانت، تۆ مافی خۆتە لە هەر کاتێکدا ئەو ڕەزامەندییە بکێشیتەوە بە پەیوەندیکردن بە ئێمەوە. کێشانەوەی ڕەزامەندی کاریگەری نابێت لەسەر یاساییبوونی پرۆسێسکردن بە پشتبەستن بە ڕەزامەندی تۆ پێش کێشانەوەکە. هەروەها گرنگە لەوە تێبگەین کە ئەگەر ڕەزامەندییەکەت کێشایەوە، ئابۆت یان تاقیگەکانی ئابۆت تەنها پرۆسێسکردنی ئەو زانیارییە کەسییانەی تۆ کە پەیوەندییان بە ڕەزامەندییە کێشراوەکەوە هەیە، دەوەستێنێت. ئابۆت و/یان تاقیگەکانی ئابۆت بەردەوام دەبن لە پرۆسێسکردنی زانیاری کەسی ئەگەر پابەندبوونێکی گرێبەستی لەگەڵ دابینکەری چاودێری تەندروستی تۆ یان بنەمایەکی یاسایی تر پێویستی بەو جۆرە پرۆسێسکردنە هەبێت.

ئەگەر داوات لێدەکرێت بەشداری لە تاقیکردنەوەیەکی پزیشکیدا بکەیت، و لەو شوێنەی کە بە یاسای جێبەجێکراو داواکراوە، داوات لێدەکرێت کە ڕەزامەندییەکی ئاگادارکراوی جیاواز پێشکەش بە ماڵپەڕی توێژینەوەکە بکەیت پێش بەشداریکردنت لە هەر تاقیکردنەوەیەکی لەو جۆرە و بەشداریکردنت خۆبەخشانەیە. ئەو توێژینەوەیەی لەم بەشەدا باسکراوە پەیوەندی بە بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەیەکی کلینیکیدا نییە.

بەپێی یاساکانی پاراستنی زانیاری لە هەندێک لە وڵاتاندا، ئابۆت و تاقیگەکانی ئابۆت دەبێت بنەمایەکی یاسایی بۆ پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکان وەک "کۆنترۆڵکەر" دابنێن. لەبەر ئەوەی ئەم زانیاریانە دەگۆڕێت بەپێی ئەو وڵاتانەی کە تۆ تێیدا دەژیت، تکایە لە کۆتایی ئەم سیاسەتەی پاراستنی نهێنیدا بڕوانە بەشی پەیوەندیدار بە وڵاتەکە.

سەرەڕای ئەو پرۆسێسانەی سەرەوە، تاقیگەی ئابۆت و ئابۆت تەنها دەتوانن زانیارییەکانی تۆ بۆ مەبەستی تر بەکاربهێنن ئەگەر تۆ ڕەزامەندیت لەسەر ئەوەی کە ئابۆت ئەوە بکات.

**+ئاشکراکردنی زانیاریە کەسییەکانت لەلایەن ئابۆتەوە**

بەپێی ڕێسا ناوخۆییەکان، ئابۆت لەوانەیە هەندێک زانیاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم کارە، توێژەرانی دەرەکی، دەسەڵاتدارانی تەندروستی نیشتمانی یان کۆمپانیاکانی بیمە هاوبەش بکات. ئەمەش بۆ نیشاندانی کاریگەری Merlin.net ئەنجام دەدرێت، بەپێی پێویست بۆ مەبەستی گەڕاندنەوەی پارەی پزیشکی.

لەوانەیە ئابۆت زانیاری کەسی تۆ لەگەڵ کۆمپانیاکاندا هاوبەش بکات کە گرێبەستیان لەگەڵ دەکات بۆ دابین کردنی خزمەتگوزارییەکان بۆیان، وەک پشتگیری تەکنیکی، خزمەتگوزارییەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پرۆسێسکردنی داتاکان. ئاشکراکردنی زانیاری کەسی پێویستە بۆ ئەوەی ئەم کۆمپانیایانە خزمەتگوزارییەکانیان ئەنجام بدەن.

هەروەها ڕەنگە ئابۆت زانیارییە کەسییەکانی تۆ ئاشکرا بکات لەکاتی پێویستدا لە چوارچێوەی مامەڵەکانی کۆمپانیاکان وەک فرۆشتن، یەکگرتن، ڕێکخستنەوە، بەدەستهێنان، هەڵوەشاندنەوە، یان ڕووداوی هاوشێوە.

هەروەها ڕەنگە ئابۆت بە پێویستی بزانێت زانیاری کەسی بەکارهێنەرێک ئاشکرا بکات بۆ ئەوەی پابەند بێت بە ئەرکە یاساییەکان.

## +گواستنەوەی نێودەوڵەتی زانیاری کەسی تۆ و هەڵگرتنی زانیاری

لە ئێستادا کۆمپانیای ئابۆت سێرڤەرەکانی Merlin.net دەگوازێتەوە بۆ هەوری مایکرۆسۆفت ئەزوور بۆ دڵنیابوون لەوەی سێرڤەرەکان لە ناوچەیەکی جوگرافیای دیاریکراودان. **بەدرێژایی ماوەی ئەم گواستنەوەیە، شوێنی هەڵگرتنی زانیارییە کەسییەکان بەپێی ئەو وڵاتە دیاری دەکرێت کە کلینیکی بەکارهێنەرەکەی تێیدایە و بەرهەمەکەشی لییە.** بۆ نموونە، ئەگەر کلینیکی بەکارهێنەرلە وڵاتێکی ئەندامی ناوچەی ئابووری ئەورووپا (EEA) بێت، زانیاری کەسی لە سێرڤەرەکاندا هەڵدەگیرێت کە لە کۆماری ئێرلەندا هەڵدەگیرێن. ئەو زانیارییە کەسییانەی کە لەلایەن بەکارهێنەرەوەلە Merlin.net بار دەکرێن لە نزیکترین شوێنی کلینیکی بەکارهێنەر یان بەپێی ڕێساکانی هەڵگرتنی زانیاری و نهێنی ئەو وڵاتە تایبەتە هەڵدەگیرێن. کاتێک زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەرێک لە وڵاتێکی جیاواز لە شوێنی کلینیکی بەکارهێنەردا هەڵبگیرێت، لەوانەیە پابەند بێت بە یاساکانی وڵاتی خانەخوێوە کە لەوانەیە لەگەڵ یاساکانی شوێنی کلینیکی بەکارهێنەردا نەگونجێت. بۆ دەستگەیشتن بە نوێترین زانیاری دەربارەی بەرهەم و شوێنی کۆگاکانی پەیوەست بە Merlin، تکایە سەردانی www.Cardiovascular.Abbott/MerlinCloudEU بکە.

ڕەنگە زانیارییە کەسییەکان بگوازرێنەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەڵبگیرێن، بەپێی شوێنەکەت و ئەو بەرهەمەی کە بەکاریدەهێنیت. یاساکانی پاراستنی نهێنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەوانەیە هەمان ئاستی پاراستن بۆ زانیارییەکانت دابین نەکەن وەک لە وڵاتی نیشتەجێبوونی خۆت، وەک ناوچەی ئابووری ئەورووپی و سویسرا یان شانشینی یەکگرتوو.

بەپێی پابەندبوونە یاساییەکان، ئێمە پارێزبەندیمان لە گرێبەستەکانمان لەگەڵ ئابۆتدا داناوە بەمەبەستی هەوڵدان بۆپاراستنی زانیارییەکانت تا ئاستێکی ستاندارد کە هاوتای ئەوە بێت کە لە وڵاتی نیشتەجێبوونت وەری دەگریت. ئەم پارێزبەندییانە چەند ڕێوشوێنێک لەخۆدەگرن، بۆ زانیارییە کەسییەکان کە لە ناوچەی ئابووری ئەورووپا (EEA)وە سەرچاوە دەگرن، بریتییە لە یەکخستنی برگەکانی گرێبەستی ستاندارد (SCC) کە لەلایەن کۆمیسیۆنی ئەورووپاوە لە کۆنترۆڵکەرەوە بۆ پرۆسێسەر پەسەندکراون، و دادگای دادوەری ئەورووپا وەک یاسایی شەرعی بڕوانامەی پێداوە میکانیزمی گواستنەوەی زانیاری کەسی. بۆ وڵاتانی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا و ناوچەی ئابووری ئەورووپا، و بە هەمان شێوە بۆ زانیارییە کەسییەکان کە لە شانشینی یەکگرتوو سەرچاوە دەگرن، نووسینگەی کۆمیساری زانیاری شانشینی یەکگرتوو برگەکانی گرێبەستی ستانداردی

پەسەند کردووە.  بە خستنەڕووی ئەم جۆرە پارێزبەندییانە لە گرێبەستەکانماندا، دەتوانین زانیارییەکانی تۆ بە شێوەیەکی یاسایی بگوازینەوە بۆ ئابۆت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانن گرێبەستەکەیان لەگەڵ ئێمە ئەنجام بدەن. جگە لەوەش، ئێمە ڕێوشوێنی ئاسایشی تەواوکەری توندمان جێبەجێ کردووە بۆ دڵنیابوون لە ئاسایشی هەر گواستنەوەیەکی زانیاری بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

**+پاراستن و هێشتنەوەی زانیاری**

Merlin.net لەلایەن کارمەندانی ڕێگەپێدراوی ئابۆتەوە لەبری ئەم کلینیکە بەڕێوەدەبرێت. ئابۆت کۆنترۆڵی ئاسایشی جێبەجێ کردووە بۆ پاراستنی زانیارییەکانت لە لەناوبردنی بەڕێکەوت یان نایاسایی یان لەدەستدانی بەڕێکەوت، گۆڕانکاری، ئاشکراکردن، یان دەست پێڕاگەیشتن. داتاکانی سەر ئامێرەکەت پێش ناردنیان کۆد دەکرێن، ئەمەش ئاسایش و نهێنییەکەی مسۆگەر دەکات. Merlin.net ڕێوشوێنی ئەمنی جۆراوجۆری هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایشی پرۆفایلەکەت وەک نەخۆش و کەمکردنەوەی مەترسی دەستڕاگەیشتنی بێ مۆڵەت بە زانیاریە کەسیەکانی تۆ، یان ئاشکراکردنی. دەستڕاگەیشتن بە پرۆفایلی نەخۆشەکەت لە Merlin.net سنووردارە بۆ کەسانی ڕێگەپێدراو کە لەلایەن پزیشکەکەتەوە دیاریکراون، لەوانەش کارمەندانی ڕێگەپێدراو لەم کلینیکەدا، کە تەنها دەتوانن بە بەکارهێنانی ناسنامە و وشەی نهێنی تایبەت دەستیان پێ بگات.

زانیارییە کەسییەکان کە لە Merlin.net هەڵگیراون بۆ ماوەی ئەو کاتەی کە پێشکەش دەکرێن دەهێڵرێنەوە.  دوای ماوەیەک لە ناچالاکی، و کاتێک کە ناچالاکی دەگاتە سنووری هێشتنەوەی زانیارییەکانی ئابۆت (بەزۆری 7 بۆ 10 ساڵ، بەپێی شوێنەکەت)، زانیارییە کەسییەکان لە سیستەمەکە لادەبرێن.

**+مافەکانت**

بەپێی دەسەڵاتی دادوەری شوێنەکەت، تۆ مافی ئەوەت هەیە داوای دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە کەسییەکانت بکەیت، داوای ڕاستکردنەوە یان سڕینەوە بکەیت، نارەزایەتی دەرببڕیت بەرامبەر بە پرۆسێسکردنی، یان داوای سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بکەیت. هەروەها لەوانەیە تۆ مافی ئەوەت هەبێت، لە شوێنێک کە دەتوانیت، کۆپییەکی زانیارییە کەسییەکانت بەدەستبهێنیت، و دڵنیا بیت لەوەی کە هەر زانیارییەکی نادروست یان ناتەواو لە داتاکاندا ڕاست دەکرێتەوە یان نوێ دەکرێتەوە. لەوانەیە تۆ مافی ئەوەت هەبێت کە بە پاساوی یاسایی نارەزایەتی دەربڕیت بەرامبەر بە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییە کەسییەکانت. سەرەڕای ئەوەش، دەتوانیت داوای شاردنەوەی ناسنامەکەت بکەیت یان زانیارییەکانت بسڕدرێتەوە. هەروەها تۆ بژاردەی تۆمارکردنی سکاڵات هەیە لە دەسەڵاتی پاراستنی زانیارییەکانی ناوخۆیی خۆت ئەگەر پێت وایە زانیارییە کەسییەکانت بە شێوەیەکی نەگونجاو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

ئەگەرتۆ داوات لێکرا ڕەزامەند بیت سەبارەت بە پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکانت، تۆ مافی خۆتە لە هەر کاتێکدا ئەو ڕەزامەندییە بکێشیتەوە، وەک لەڕێگەی پەیوەندیکردن بە ئێمەوە.  کێشانەوەی ڕەزامەندی کاریگەری نابێت لەسەر یاساییبوونی پرۆسێسکردن بە پشتبەستن بە ڕەزامەندی تۆ پێش کێشانەوەکە. هەروەها گرنگە لەوە تێبگەیت کە ئەگەر ڕەزامەندییەکەت کێشایەوە لە ئابۆت بۆ پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکانت، ئابۆت تەنها ئەو زانیارییە کەسییانەی تۆ کە پەیوەندییان بە ڕەزامەندییە کێشراوەکەوە هەیە، دەوەستێنێت. ئابۆت بەردەوام دەبێت لە پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکان لەو شوێنانەی کە پابەندبوونێکی گرێبەستی یان یاسایی هەبێت بۆ ئەنجامدانی، وەک پابەندبوون بە مەرجەکانی ڕێکخراوەیی ئامێرە پزیشکییەکان لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپا.

ڕەنگە ئێمە هێشتا بە پێویستی بزانین کە زانیارییە کەسییەکان لەو بارودۆخانەدا پرۆسێس بکەین کە وەڵامی حاڵەتە فریاگوزارییە پزیشکییەکان دەدەینەوە یان کە پێداویستییە یاساییەکان ئەو جۆرە پرۆسێسکردنە دیاری دەکەن.

تکایە ئاگاداربە کە ئەگەر سەردانی کلینیکێکی تر بکەیت کە ئامێری چاودێری Merlin.net ی تێدایە، لەوانەیە زانیاری دەربارەی ئامێرەکەت کۆبکەنەوە ئەگەر بە پێویستی بزانن بۆ چاودێری پزیشکی تۆ. ئەگەر هەر نیگەرانییەک یان گلەیییەکت هەیە سەبارەت بە کۆکردنەوەی زانیارییەکانت لە دۆخێکی لەو جۆرەدا، تکایە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو دامەزراوە بکە.

**+پەیوەندی بە ئێمە یان ئابۆتەوە بکە**

ئەگەر هەر پرسیارێک، نیگەرانییەک یان سکاڵایەکت هەیە سەبارەت بە پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکانت لەلایەن ئەم کلینیکەوە یان ئەگەر دەتەوێت مافەکانی پاراستنی زانیارییەکانت بەکاربهێنیت، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە بە بەکارهێنانی ئەو وردەکاریانەی کە پێشکەش کراون.

ئەگەر هەر پرسیارێک، نیگەرانییەک یان سکاڵایەکت هەیە سەبارەت بە پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکانت لەلایەن ئابۆتەوە یان ئەگەر دەتەوێت مافەکانی پاراستنی زانیارییەکانت بەکاربهێنیت، تکایە پەیوەندی بە ئابۆتەوە بکە بە:

ئەفسەری پاراستنی نهێنی، ئابۆت، X036، 2-AP06A، 100 ئابۆت پارک ڕۆد، ئابۆت پارک، IL 60064، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا

یان لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە بەم ناونیشانە privacy@abbott.com

ئەگەر تۆ نیشتەجێی ناوچەی ئابووری ئەوروپی یان شانشینی یەکگرتوویت، ئەوا دەتوانیت پەیوەندی بە بەرپرسی پاراستنی زانیارییەکان بکەیت، کە دەتوانرێت وردەکارییەکانی پەیوەندیکردنت دەست بکەوێت لە www.eu-dpo.abbott.com.